**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارەی: (٦٠٠٠) لە ٢٠١٨/٤/٢٥**

**پشتبەست بەحوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، لەبەر رۆشنایی ماددەی (٣٥) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك ومالّی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ و یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ و بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٠) لە رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٨، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ، بڕیاری درا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە:**

## رێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٨

## رێنمایی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانی حکومی و بە ئەلیکترونی کردنی خەرجکردنی سووتەمەنی

**ماددەی یەکەم:مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم رێنماییە:**

**١-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٢-حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**٣-فەرمانگە: وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و هەر فەرمانگەیەك کە یەکەی ژمێریاری سەربەخۆی هەبێت.**

**٤-ئۆتۆمبێل: ئۆتۆمبێلی حکومی تۆمارکراو لەسەر ئەستۆی هەر فەرمانگەیەك.**

**٥- فەرمانبەر: فەرمانبەری سەرمیلاکی هەمیشەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**٦- ئوتۆمبێلی خزمەتگوزاری: ئەو ئۆتۆمبێلەی کە بۆ خزمەتگوزاری فەرمانگە تەرخان کراوە وموڵکی حکومەتە یان موڵکی تایبەتە و بەگرێبەست تەرخان کراوە بۆ خزمەتگوزاری فەرمانگە.**

## بەشی یەکەم

## فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی حکومی

**ماددەی دووەم:**

**١- سەرجەم ئۆتۆمبێلە حکومییە لە کارکەوتووەکان لە گشت فەرمانگەکان دەنێردرێن بۆ بنکەی کۆکردنەوە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ فرۆشتنیان لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە ( ٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦,**

**٢- ئۆتۆمبێلەکانی جۆری (ساڵۆن، لاندکرۆزەر و هاوشێوەکانی) دەفرۆشرێن بەو فەرمانبەرانەی کە لە ئەستۆیاندایە.**

٣- فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانی حکومی ، ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ئەستۆی فەرمانبەرانی پلە تایبەت و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی حکومەت ، ئەوانەی یەکەی ژمێریاری سەربەخۆیان هەیە و ئەندامانی دەستەی پشکنینی کارگێڕی و پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی سەر وەزارەتی ناوخۆ و ئەوانەی تایبەتن بە کاری خزمەتگوزاری و ئۆتۆمبێلەکانی پرۆتۆکۆڵی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ئۆتۆمبێلە تۆمارکراوەکان لەسەر ئەستۆی فەرمانگەکانی ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە ناگرێتەوە.

٤- ئەو فەرمانبەرانەی برگەی (٢)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە پێویستە لە ڕاژەی کردەیی دابن ، ئەگەر فەرمانبەری معوم بێت یان خانەنشین کرا بێت ئۆتۆمبێلی حکومی لە ئەستۆدا بێت لێی وەردەگیرێتەوە ( لە لایەن لیژنەی باڵاوە ) دەکرێنە خزمەتگوزاری یان بەزیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێن بەپێی بڕگە (١)ی ئەم ماددەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

## پێکهێنانی لیژنە تایبەتمەندەکان

**ماددەی سێیەم:**

١- لیژنەیەکی باڵا لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ پێکدێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامیەتی نوێنەرانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم و (٢) دوو ئەندازیاری میکانیك و یەکێك لە ئەندامەکانی وەك ئەندام و بڕیاردەر دەستنیشان دەکرێت.

٢- لیژنەی باڵا هەڵدەستێت بە وردبینی کردنی کارەکانی لیژنەکانی خەملاَندن کە لە لایەن لیژنە لاوەکییەکانی تایبەت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە لە گشت فەرمانگەکان ئەنجامدەدرێت.

٣- لیژنەی باڵا بۆی هەیە بڕی ئەو خەملاندنە کەم یان زیاد بکات ئەگەر نرخە خەملێندراوەکە گونجاو نەبێت لەگەڵ نرخی ڕاستەقینەی ڕۆژ و پێشنیاری فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە کۆنووس بۆ هەر دوو وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری بەرز دەکاتەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی ،دواتر لە لایەن وەزیری دارایی و ئابووری فەرمانی فرۆشتنی بۆ دەردەچێت.

**ماددەی چوارەم:**

١- لیژنەیەکی لاوەکی لە هەر فەرمانگەیەك کە یەکەی ژمێریاری سەربەخۆی هەیە پێکدەهێندرێت کە لە (٥) ئەندام پێکدێت بەمەرجێك یەکێکیان بەلایەنی کەم ئەندازیاری میکانیك بێت و ئەگەر ئەندازیاری میکانیکی لە میلاکی فەرمانگەکە نەبوو دەکرێت سوود لە ئەندازیاری میکانیکی فەرمانگەکانی دیکەی حکومەت وەربگرێت بەمەبەستی دەستنیشان کردن و خەملاندنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە پێشنیار دەکرێن بۆ فرۆشتن بەپێی فۆرمێکی تایبەت کە لە لایەن لیژنەی باڵاوە ڕێکدەخرێت.

٢- کۆنووسی خەملاندن لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دەنێردرێت بۆ لیژنەی باڵا بەمەبەستی دیراسەکردنی ، و دواتر بۆ پەسەندکردنی بۆ هەر دوو وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری بەرز دەکرێتەوە..

٣- لیژنەی لاوەکی کارەکانی بەسوود وەرگرتن لە سیستەمی ئەلیکترۆنی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل ئەنجام دەدات.

## ڕێککارەکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی حکومی

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو ئۆتۆمبێلەی بڕیاری فرۆشتن دەیگرێتەوە بە پەیڕەو کردنی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەفرۆشرێت:

١- ئۆتۆمبێل دەفرۆشرێت بەو فەرمانبەرەی کە لەسەر ئەستۆی تۆمارکراوە پێش ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٣٠) ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێل .

٢- ئەو ئۆتۆمبێلە دەفرۆشرێت کە لە مۆدێلەکەی لە (٢٠١٣) و بەرەو خوارەوەیە.

٣- پێویستە فەرمانبەر ئەستۆپاکی سزاکان و پێبژاردنەکانی هاتووچۆ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان بهێنێت.

٤- ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی کە ئۆتۆمبێلی لە ئەستۆدایە ئارەزووی کڕینەوەی ئۆتۆمبێلی نەبێت، پێویستە بەڵێننامەی فەرمی ڕاستاندن کراو پێشکەش بکات ، دەکرێت ئۆتۆمبێلەکە بە فەرمانبەرێکی دیکەی هەمان فەرمانگە بەهەمان مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە بفرۆشرێت و ئەگەر هیچ فەرمانبەرێکی ئەو فەرمانگەیە ئامادەنەبوو ئۆتۆمبێلەکە بکڕێت هاوشێوەی بڕگە (١)ی ماددەی دووەم لەم ڕێنماییە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٥- فەرمانبەر مافی هەیە تەنیا بۆ یەکجار لەم ڕێنماییە سوودمەند بێت.

٦-نابێت ئەو فەرمانبەرەی ئۆتۆمبێلی حکومی پێ فروشراوە هیچ ئۆتۆمبێلێکی حکومی بۆ تەرخان بکرێت بە درێژایی ماوەی ڕاژەی لە وەزیفەدا.

٧- ئەگەر فەرمانبەر خانەنشین کرا و ئۆتۆمبێلی لە ئەستۆدا مابێت ، ئەوا سەر پشك دەکرێت بە کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلە بە مەرجێك پارەکەی کاش بدات بە حکومەت یان بە گەڕاندنەوەی بۆ فەرمانگەی پێشووی .

٨- ئەگەر فەرمانبەر پلەی بەرزکرایەوە بۆ یەکێك لە پلە تایبەتەکان و لە پلەی پێشووی ئۆتۆمبێلی حکومی پێ فروشراو بوو ، ئەوا سوودمەند دەبێت لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی کە بۆ ئەو پلەیە تەرخان کراوە.

٩- ئۆتۆمبێلی مۆدێل (٢٠١٤) و بەسەرەوە کە فرۆشتن نایگرێتەوە لە فەرمانبەر وەردەگیرێتەوە و دەکرێتە ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری جگە لەوانەی کە لە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییە هاتووە .

١٠- لە کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك لیژنەی باڵا بڕیار لەسەر فرۆشتنی ئەو ئۆتۆمبێلانە دەدات کە ئەم ڕێنماییە نایگرێتەوە .

## ڕێکارە داراییەکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی حکومی

**ماددەی شەشەم:**

١- پارەی ئۆتۆمبێلی فرۆشراو بە (١٠) ساڵ و بەشێوەی (١٢٠) پشکی یەکسان و بڕی (یەك) پشك مانگانە دەبێت لە کاتی دابەشکردنی مووچە لە مووچەی فەرمانبەر دەگێڕدرێتەوە.

٢- ئەگەرفەرمانبەر مۆڵەتی بێ مووچە وەربگرێت ئەوا پێویستە مانگانە پشکی ئۆتۆمبێل بدات بە پێچەوانەوە ئەگەر (٢) پشك دوا بکەوێت ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەت.

٣- پێویستە فەرمانبەری کڕیار دەستەبەری خانووبەرە (كفالة عقارية) پێشکەش بکات کە نرخی خانووبەرەکە هاوتای یان زیاتر بێت لە نرخی ئۆتۆمبێلی فرۆشراو، خانووبەرەکە تۆمارکرابێت لەسەر ناوی خۆی یان کەفیلەکەی کە مەرج و شیاوی یاسایی هەبێت.

٤- خەملاندنی خانووبەرە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە ئەنجام دەدرێت .

٥- دەستەبەری خانووبەرەکە هەڵناگیرێت تا گشت پشکەکان لە فەرمانبەرەکە وەرنەگیرێتەوە و لەکاتی گۆڕینی دەستەبەری خانووبەرەکە فەرمانبەری کڕیار دەتوانێت خانووبەرەیەکی دیکە دابنێت بەمەرجێك نرخەکەی هاوتای نرخی ئوتۆمبێلە فرۆشراوەکە یان زیاتر بێت.

٦-دوای تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی فرۆشراو لەسەر ناوی فەرمانبەری کڕیار ، خاوەنەکەی دەتوانێت بیفرۆشێت بەبێ هەڵگرتنی دەستەبەری خانووبەرەکە.

٧- لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە تابلۆی شارستانی دەدرێتە ئۆتۆمبێلی فرۆشراو بەبێ بەرامبەر و بەبێ هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆمبێل.

٨- فەرمانبەری کڕیار پێویستە گشت ڕەسمەکانی بەناوکردن و تۆمارکردن بدات جگە لەوەی لە بڕگە (٦)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێدراوە.

٩- لەکاتی خانەنشین کردنی فەرمانبەر بەهەر هۆیەك بێت بڕی ئەو پشکانەی کە نەدراون لە مووچەی خانەنشینیەکەی دەبڕدرێت بەپێی پشکی دیاریکراو کە لە بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

١٠- ئەو فەرمانبەرانەی کە بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی و کەمی خزمەتیان مافی خانەنشینی نایانگرێتەوە ، پێویستە پێش دەست لەکار هەلگرتنیان گشت ئەو پشکانەی کە لە ئەستوی ماوەتەوە بە یەکجار بیدات.

١١- لەکاتی مردنی ئەو فەرمانبەری لە ڕاژەی وەزیفی دایە یان خانەنشین کراو بێت ، لە گشت پشکەکانی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە بەپێی ئەم ڕێنماییە کڕیویەتی دەبووردرێت وە لەسەر ناوی میراتگرانی شەرعی تۆمار دەکرێت.

## ڕێکارەکانی ڕێکخستن و بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی حکومی

**ماددەی حەفتەم:**

١- سەرجەم ئۆتۆمبێلە نەفرۆشراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ هەڵاوێردکردن بەسیستەمی ئەلیکترۆنی ئۆتۆمبێلە حکومییەکان تۆمار دەکرێن .

٢- هەر فەرمانگەیەك کۆدی بەکارهێنانی تایبەت بەم سیستەمەی پێ دەدەرێت و (٣) کۆدی بەکارهێنانی دیکەش دەدرێت بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و وەزارەتی دارایی و ئابووری بەمەبەستی چاودێریکردنی ئەم سیستەمە کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە بەڕێوەدەبردرێت.

٣- لیژنەیەکی وردبینی لەسەرجەم فەرمانگەکان پێکدەهێندرێت بەمەبەستی وردبینی کردنی داتای ئۆتۆمبێلەکانی حکومی کە لەسەر ئەستۆیانە و بەم سیستەمە ئەلیکترۆنییە تۆمارکراون بەمەبەستی چاکردنەوەی هەر هەڵەیەك هەبێت لە زانیارییەکانی ئۆتۆمبێل لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ.

٤- یەکخستنی گشت تابلۆ حکومییەکان بە شێواز و تابلۆی نوێی ئەڵمانی کە لەلایەن لیژنەی باڵاوە شێواز و جۆرەکەی ئامادە دەکرێت بۆ مەبەستی نەهێشتنی دیاردەی (٢) دوو تابلۆیی بۆ یەك ئۆتۆمبێل .

**ماددەی هەشتەم:**

١-سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانە وەردەگیرێنەوە کە لە ئەستۆی ئەو فەرمانبەرانەیە کۆتایی بە ڕاژەکانیان هاتووەوە .

٢-ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی کە لە بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە هاتووە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوە بە نووسراوی فەرمی فەرمانگەکەی پێشووی کە خزمەتی لێکردووە ئۆتۆمبێلەکەی رادەست نەکردەوە، دۆسیەکەی دەنێردرێت بۆ دەستەی دەستپاکی بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەریان (دوای ئاگادار کردنەوەی لەلایەن فەرمەنگەکەی).

٣- لەکاتی گەڕاندنەوەی ئۆتۆمبێل هەر زیانێك بەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتبێت پێویستە قەرەبووی بکاتەوە و ئەو زیانانەش لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە لە فەرمانگەکەی دەخەملێندرێت بە پێچەوانەوە دۆسیەکەی دەنێردرێت بۆ دەستەی دەستپاکی بە تۆمەتی زیان گەیاندن بە موڵکی گشتی (ئوتۆمبێلەکە پێی چاك بکرێتەوە).

**ماددەی نۆیەم:**

١- پێویستە چاك کردنەوەی ئۆتۆمبێلی حکومی بەپێی دەرخستەیەکی تایبەت بێت کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لە یەکەی ئامێرسازی یان خزمەتگوزاری ئەنجامدەدرێت و ناکرێت هیچ ئۆتۆمبیلێك چاك بکرێتەوە بەبێ هەبوونی دەرخستە.

٢- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە هاتوون بەپێی ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکان چاك دەکرێنەوە.

## بەشی دووەم

## خەرجکردنی سووتەمەنی بە سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ ئۆتۆمبێلە حکومییەکان

**ماددەی دەیەم:**

سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ خەرجکردنی سووتەمەنی ئوتۆمبێلە حکومییەکان لە گشت فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی خەرجکردنی سووتەمەنی و دابەشکردنی بەسەر ئۆتۆمبێلی حکومی و ئوتۆمبێلی خزمەتگوزاری کە لە فەرمانگەکانی سەر بە حکومەتی هەرێم بەکار دەهێنرێن.

## پێکهێنانی لیژنەکان

**ماددەی یانزەیەم:**

١- لیژنەیەکی باڵا لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ پێکدێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامیەتی نوێنەرانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم و (٢) دوو ئەندازیاری میکانیك و یەکێك لە ئەندامەکامەکانی وەك ئەندام و بڕیاردەر دەستنیشان دەکرێت بە مەبەستی سەرپەرشتی کردنی دامەزراندنی ئەم سیستەمە.

٢. لیژنەی باڵا هەڵدەسێت بە ووردبینی کردنی لیستی ئۆتۆمبێلی حکومی و ئوتۆمبێلی خزمەتگوزاری کە لە گشت فەرمانگەکانی سەر بە حکومەتی هەرێم بەکاردەهێنرێن .

٣- لیژنەی باڵا بۆی هەیە بڕی سووتەمەنی تەرخانکراو بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك زیاد یان کەم بکات بەپێی پێداویستی، هەروەها پێدانی کارتی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی کارتی ئەلیکترۆنی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبیلی هەر فەرمانگەیەك کە سەرپێچی بکات.

٤- وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاماری بڕی سووتەمەنی خەرج کراو بۆ ئۆتۆمبێلە خزمەتگوزارییەکانی فەرمانگە حکومییەکان مانگانە ئامادە دەکات و بۆ ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان بەرزی دەکاتەوە .

**ماددەی دوانزەیەم:**

١- لە هەر فەرمانگەیەکی خاوەن یەکەی ژمێریاری سەربەخۆ لیژنەیەکی لاوەکی پێك دەهێنرێت لە (٣) ئەندام بە سەرۆکایەتی بەرپرسی ئامێرسازی یان خزمەتگوزاری فەرمانگەکە و ئەندامێتی نوێنەری ژمێریاری و ئەندازیارێکی میکانیك.

٢- لەکاتی نەبوونی ئەندازیاری میکانیك لە میلاکی هەر فەرمانگەیەك دەکرێت سوود لە ئەندازیارێکی میکانیك سەر بە فەرمانگەیەکی دیکەی حکومەتی هەرێم وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

٣- لیژنەی لاوەکی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییە دیاریکراون و بڕی ئەو سووتەمەنییەی کە پێویستە بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك مانگانە دەستنیشان دەکات .

٤- لیژنەی لاوەکی بڕی سووتەمەنی پێویست بۆ ئۆتۆمبێلی هەر فەرمانگەیەك بەپێی قەبارەی بزوێنەر وژمارەی پستۆن بەسوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی سیستەمی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی ئۆتۆمبێل دیاری دەکات .

٥- لە کاتی تۆمارکردنی هەر ئۆتۆمبیلێکی نوێ لەسەر ئەستۆی هەر فەرمانگەیەك پێویستە لیژنەی لاوەکی بڕی سووتەمەنی بۆ دەستنیشان بکات بەمەرجێك لەو ئۆتۆمبێلانە بێت کە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییە هاتووە و لیژنەی باڵا وردبینی و دیراسەتی دەکات و بە کۆنووس بۆ هەر دوو وەزیری ناوخۆ و دارایی و ئابووری بەرزی دەکاتەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی ، دواتر لە لایەن وەزیری ناوخۆ فەرمانی دەرکردنی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ خەرجکردنی سووتەمەنی بۆ ئەو ئۆتۆمبیلە دەردەچوێندرێت .

٦-دەبێت کۆنووس و فۆرمی سووتەمەنی ئۆتۆمبێلەکان لە لایەن سەرۆکی فەرمانگە پەسەند بکرێت.

## مەرجەکانی دیاریکردنی ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری

**ماددەی سیانزەیەم:**

١- پێویستە ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییە دیاریکراوە بۆ کاری دیاریکراوی خۆی بەکار بهێنرێت.

٢- هەر ئۆتۆمبیلێکی خزمەتگوزاری دەبێت شوفێری تایبەت بە خۆی هەبێت و لە تۆماری ئەلیکترۆنی ئۆتۆمبێلی حکومی ناوی تۆمار کرابێت.

٣- ئۆتۆمبیلی خزمەتگوزاری دەبێت لە پاش کۆتایی هاتنی ئەرکی فەرمی لە گۆڕەپانی فەرمانگە یان هەر فەرمانگەیەکی حکومی نزیك شوێنی نیشتەجێبوونی شوفێرەکە ڕادەگیرێت و لە لایەن بەرپرسی گۆڕەپان یان پاسەوانی ئێشکگر ڕۆژانە پەسەند دەکرێت بەپێی تۆمارێك کە لەلایەن لیژنەی باڵا ئامادە دەکرێت .

٤- فەرمانی کارگێری لە لایەن سەرۆکی فەرمانگەکە دەردەچێت بە دیاریکردنی ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری و تێیدا شوێنی بەکارهێنانی دیاری بکرێت.

٥- گشت ئۆتۆمبێلە حکومییەکان (٢) دوو لۆگۆی تایبەت لەسەر هەر دوو دەرگای پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە دەچەسپێندرێت کە نموونە و دیزاینەکەی لە لایەن لیژنەی باڵا ئامادە دەکرێت و هەر فەرمانگەیەك ئەم لۆگۆیەی لە ئۆتۆمبێلەکانی نەچەسپاندبێت لە گشت خەرجییەکانی ئۆتۆمبێل بێ بەش دەکرێت و ئۆتۆمبێلەکەی لێ وەردەگیرێتەوە.

٦-بڕگەی (٥)ی ئەم ماددەیە ئوتۆمبێلە حکومییەکانی ئەندامانی کابینەی حکومەتی هەرێم و پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی پێشمەرگە ناگرێتەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

ئەم ئۆتۆمبیلانەی لای خوارەوە بە خزمەتگوزاری ئەژمار دەکرێن:

١- ئۆتۆمبێلی پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی هاتووچۆ: ئەوانەی ئامێری ئاگادارکردنەوە (فرارە) و لۆگۆی پۆلیسی بەیەکەوە لەسەر دانراوە.

٢- ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە و تانکەری ئاگرکوژێنەوە و ئەمبۆلانس .

٣- ئۆتۆمبێلی جۆری (پیك ئاب تاك یان دەبڵ کابینە).

٤- ئۆتۆمبێلی سەرۆکی فەرمانگە بە مەرجێك بۆ کاری خزمەتگوزاری فەرمانگەکەی بەکار بهێنێت.

٥- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە جۆری (١,٥ تەن، ٢ تەن)، لۆری، رافعە، حفارە، کرێن، شوفڵ، گرێدر، تانکەر، ترێلە، حادلە ، ئۆتۆمبیلی خزمەتگوزاری زەمینی فرۆکەخانە، پاس، مینی پاس، تراکتۆر و دەڕاسە.

٦- هەر ئۆتۆمبیلێکی دیکە کە سەرۆکی فەرمانگە بە خزمەتگوزاری دەستنیشانی دەکات بە مەرجێك بۆ کاری خزمەتگوزاری فەرمانگەکەی بەکار بهێنرێت و لە فەرمانی کارگێری ئاماژە بە هۆکاری دیاری کردنی وەك ئۆتومبێلی خزمەتگوزاری درابێت .

## رێکارەکانی خەرجکردنی سووتەمەنی بە سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی

**ماددەی پانزەیەم :**

١- هەر ئۆتۆمبیلێك یەك کارتی ئەلیکترۆنی بۆ تەرخان دەکرێت.

٢- ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلە حکومییەکە لەسەر کارتەکە جێگیر دەکرێت.

٣- نابێت هیچ ئۆتۆمبیلێك کارتی ئۆتۆمبیلێکی دیکە بەکار بهێنێت.

٤- ئەو بڕە سووتەمەنییەی کە بۆ ئۆتۆمبێلەکە تەرخانکراوە بەرزترین رێژەیە (الحد الاعلى)، لە یەك مانگدا لەو رێژەیە زیاتر ناتوانێت خەرج بکات و ئەگەر کەمتر خەرج بکات ئەو بڕەی مایەوە (سفر) دەکرێت و ناتوانێت بۆ مانگی دواتر سوودی لێ وەربگرێت.

٥- گشت ئۆتۆمبێلە حکومییەکان بە ژمارەی تابلۆی نوێ کارتی بەنزینی پێ دەدرێت، بە بڕغوی سیکیوریتی تایبەت پلێتەکەی جێگیر دەکرێت بەپێی نووسراوی پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ ، بەپێچەوانەوە کارتی بەنزینی بۆ خەرج ناکرێت.

٦- ئۆتۆمبێلی حکومی جامی رەش کرابێت سووتەمەنی پێنادرێت و سەرۆکی فەرمانگە لەم دیاردەیە بەرپرسیار دەبێت.

**ماددەی شازدەیەم :**

١- دوای جێبەجێ کردنی سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی هیچ پسوولەیەکی دیکەی سووتەمەنی خەرج ناکرێت جگە لە پسوولەی ئەو بەنزینخانەیەی کەکارتی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلەکانی ئەو فەرمانگەیە رێکخستووە.

٢- بەدەر لە خاڵی (١)ی ئەم ماددەیە لە کاتی شاندکردنی فەرمانبەر بە ئۆتۆمبێلی حکومی لە پارێزگاکەی خۆی بۆ پارێزگایەکی دیکە ، بڕی ئەو سووتەمەنییەی بە پسوولە بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك فەرمانی کارگێری شاندکردن و دەست هەڵگرتن و دەست بەکاربوونی بۆ دەرچـووبێت و لەگەڵ پسوولەی بەنزینی ئەو پارێزگایەی کە بۆی شاند کراوە هاوپێچی بکات بەمەبەستی خەرج کردنی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینە،بەمەرجێك لەو پارێزگایەی کە بۆی شاند کراوە هیچ بەنزینخانەیەکی لێ نەبێت کە وەزارەتەکەی گرێبەستی سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی سووتەمەنی لەگەڵ ئەنجام دابێت.

**ماددەی حەڤدەیەم :**

١- هەر فەرمانگەیەك كە یەكەی ژمێریاری سەربەخۆی هەیە خەرجكردنی بڕی سووتەمەنی بەكارهاتوو لە لایەن ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییە دیاریكراوە دەكەوێتە سەر بوودجەی خۆی .

٢- پێویستە بڕی پارەی سووتەمەنی لە كۆتایی هەموو مانگێك خەرج بكرێت بۆ ئەو بەنزینخانەی كە كارتی ئەلیكترۆنی بۆ ڕێكخستووە.

**ماددەی هەژدەیەم :**

١- بڕی سووتەمەنی گازوایل بۆ موەلیدەكانی هەر فەرمانگەیەك خەرج دەكرێت بەپێی تۆماری خەرج كردنی سووتەمەنی كە كلێشەكەی لە لایەن لیژنەی باڵا ڕێكدەخرێت.

٢- سووتەمەنی گازوایل لە ڕێگای ئەو بەنزینخانەیە دابین دەكرێت كە كارتی سووتەمەنی ئەلیكترۆنی بۆ ئەو فەرمانگەیە ڕێكخستووە.

٣- دەبێت بڕی سووتەمەنی كڕدراو لە لایەن لیژنەیەكی وەرگرتن لەو فەرمانگەیە وەربگیرێت بە كونووسێك كە بڕ و جۆری گازوایل تێدا دەستنیشان كراوە.

٤- تۆمارێكی تایبەت بە خەرجكردنی بڕی سووتەمەنی گازوایل بەپێی كاتژمێری كاركردنی موەلیدە لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دابین دەكرێت بەپێی ئەو كلێشەیەی كە لە لایەن لیژنەی باڵا ڕێكدەخرێت و بەسەر گشت فەرمانگەكان دابەش دەكرێت و پێویستە بڕی سووتەمەنی بەكارهاتوو و ژمارەی كاتژمێری كاركردنی موەلیدەكان تێدا جێگیر بكرێت بە شێوەیەكی ڕۆژانە ، كاتژمێرەكانی بڕینی كارەبای نیشتمانی لە لایەن فەرمانگەی كارەبای تایبەتمەند مانگانە پەسەند بكرێت

## حوكمە كوتاییەكان

**ماددەی نوزدەیەم :**

١- هەر فەرمانبەرێك سەرپێچی لە حوكمەكانی ئەم ڕێنماییە بكات ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێتەوە.

٢- هەر ئۆتۆمبیلێكی حكومی تابلۆی دیكە بەكار بهێنێت جگە لە تابلۆ حكومییەكەی و ئەو تابلۆ شارستانیانەی كە بەپێی ڕێنماییەكان بۆی دابین كراوە یان لۆگۆی ئۆتۆمبێلی حكومی لە ئۆتۆمبێلەكەی نەچەسپاندبێت یان لێ بكاتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت وە ڕووبەروی لێپێچینەوەی یاسایی دەكرێتەوە.

٣- پۆلیسی هاتووچۆ و مەفرەزەكانی پۆلیس و ئاسایش و بازگەكان بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە جێبەجێ دەكەن و پێشلكاران بە نووسراوی فەرمی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەكە ڕادەستی بەشی لێكوڵینەوەی بەڕێوبەرایەتییەكانی هاتووچۆ دەكەن بەمەبەستی ناردنیان بۆدادگا و ئاگاداركرنەوەی فەرمانگەكەی.

**ماددەی بیستەم:**

١- پێویستە گشت فەرمانگەکان ئەم ڕێنماییە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ جێبەجێ بکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ، دوای ئەم بەروارە هیچ پسوولەیەکی بەنزین خەرج ناکرێت جگە لە پسوولەی ئەو بەنزینخانەیەی گرێبەستی بەپێی سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ خەرجکردنی سووتەمەنی لەگەڵ فەرمانگەکە دابین کردوە.

٢- لیژنەی باڵا لە ڕێگای وەزارەتی دارایی و ئابووری لیستی ئەو فەرمانگانەی سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی جێبەجێ کردووە ڕەوانەی گەنجینەی تایبەتمەند دەکات بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە.

٣- لەو ناوچانانەی کە سیستەمی کارتی ئەلیکترونی لێ جێبەجێ نەکراوە کار بە سیستەمی پسوولە دەکرێت ، جگە لە سیستەمی تۆماری سووتەمەنی گازوایل کە کار بە بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە دەکرێ.

**ماددەی بیست و یەکەم :**

لیژنەیەك لە دیوانی سەرجەم وەزارەتەکان یان دەستە سەربەخۆکان پێك دەهێنرێت بەمەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی دوای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە حکومییەکان دەمێننەوە بەسەر فەرمانگەکانی سەر بەو وەزارەتە یان دەستەیە بەپێی پێداویستی هەر فەرمانگەیەك و بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی باڵا .

**ماددەی بیست و دووەم :**

کار بەهیچ ڕێنمایی و بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆك بێت.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت

| | |
|---|---|
| **ڕێباز محمد حملان** | **کریم سنجاری** |
| **وەزیری دارایی و ئابووری** | **وەزیری ناوخۆ** |

## هۆیە پێویستکارەکان

به مەبەستی یەکخستن و پۆلینکردن و بە ئەلیکترونی کردنی تۆماری ئۆتۆمبێلەکانی حکومی و خەرجکردنی سووتەمەنی بە شێوەی کارتی زیرەك و بنبڕکردنی دیاردەی بەهەدەردانی سووتەمەنی و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە حکومییەکان ئەم ڕێنماییە دەرچووێندرا.